# ئاڵێنکاری چینی بۆ ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست لە دوای ساڵی 2001ز

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا)

م. ئالان حمه سعید صالح[1] پ.ی.د. كمال عبدالله حسن[2]

[1] کولێژی زانسته ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی
[2] کولێژی زانسته ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی

**پوخته**

سیاسەتی نوێی چین بەرامبەر بە ئاسیای ناوەند ، پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە تێگەیشتنێکی قوڵەوە بووە بەوەی ئەم ناوچەیە نەخشەیەکی جیۆسیاسی نوێی وێنا کردووە . لەبەرئەوە رەهەندەکانی ئابووری وسیاسی و تەناهی ئەم ناوچەیە بۆ چین لە گرنگییێدانێکی هەڵکشاودابووە، بەتایبەت کە درێژبوونەوەیەك لە رووی پێکهاتەی چینی لەوناوچەیەدا هەیە بە ئاراستەی هەرێمی ( سینگ یانگ )

لەگرنگترین هۆکارەکانی گرنگیپێدانی چین بەئاسیای ناوەند ، دەکرێت پوخت بکرێتەوە لە :

أ- ترسی چین لە بوونی نەزعەیەکی نەتەوەیی و ئایینی و کاریگەر دروستکردن لەسەر هەرێمی سینگ یانگ کە بە تورکستانی رۆژهەلاتی ناسراوە ، کەزۆربەی دانیشتوانەکەی موسولمانن، ساڵی 2003 پەکین باسی لە چالاکبوونی 5 گروپی جوداخوازی ئیسلامی سیاسی دەکرد لەوهەرێمەدا ، ئەمە ئاماژەیەکی روونە بۆ دڵەراوکێی چین لەو ناوچەیەدا . جیا لەوەش چین زیاتر لە 7500 کیلومەتر درێژی سنووری لەگەڵیان هەیە .

ب- ئاسیای ناوە ند لە روانگەی چینەوە سەرچاوەی ووزەیە ، کەپێویستیەکی سەرەکی چینە پاش ئەو گەشەکردنە ئابوورییە یەك لەدوای یەکانەی کە بەخۆیەوە دەبینێت ، ئەم گەشەکردنەی چین لەسالی 1993 چینی بەئاراستەی هاوردەکردنی نەوتدا برد . بەباشی تێدەگەین کاتێك کە بزانین لەبەرامبەر هەرزیادبوونێکی بەرهەمی ناوخۆیی چیین بەرێژەیی 1% ، چین پێویستی بە بەکارهێنانی ووزەی زیاتر هەیە بەرێژەیی 0.528% .

مجلّة پۆلیتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 12 يناير2023؛ قُبل في 20 مارس2023
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: alanhamasaeed1981@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 ئالان. د.كمال، هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ت- چین ئارەزوومەندده بەگرێدانی ئابووری ئەم ناوچەیە بە ئابووری چینەوە .

پ- چین ئارەزوومەندە بە سنووردارکردنی رۆڵی ئەمریکا و ئەوروپا لەم ناوچەیە .

وێرای ئەوەی کە چین لە هەوڵی فراوان بوونی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ ئەم ناوچەیە ، هەندێکجار بۆ بەدیهێنانی ئەو فراوانبوونە پشت بە رووسیا دەبەستێت و هەندێکجاری دیکەش بە شێوازی سەربەخۆ لە هەوڵدایە، چین لە رێگای دامەزراندنی رێکخراوی شانگهایی بۆ هاریکاری هەوڵی داوە کاریگەری هەبێت لەم ناوچەیە بەلام ناکرێت ئەو ئاماژەیەش نەدەین کە رووسیا بە شێوەیەکی رەها هاوکاری چین نییە لە داخڵ بوون بەم ناوچەیە ، چونکە رووسیا لە گرنگیی و توانای چین تێدەگات کە دەتوانێت لە ماوەیەکی کەم وخێرادا کۆنترۆڵی بازاری ئاسیای ناوەند بکات بەکەلووپەلی خۆراکی و بەکارهێنان

چین لە ئێستادا خاوەن گەشەیەکی ئابووری ئاست بەرزە لە جیهاندا، وێرای قورسایی ستراتیژی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و بوونی دامەزراوەی سەربازی و تەناهی ئاست بەرزو نوێگەر لە پاڵ بوونی پاشخانێکی کلتووری و مێژووی دەوڵەمەند، کە هەموو ئەمانە وایان کردووە پێگە و رۆڵ و شوێنێکی گرنگی هەبێت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ببێتە بایەخ و جێگەی گرینگیدانی توێژەران و بیرمەندانی ناو دامەزراوە هزرییەکان و ناوەراستەکانی توێژینەوە، لە گرنگترین ئەو بایەخپێدانەی کە ئەمڕۆ شیکاری بۆ دەکرێت لەتوانا و هێزو پێگەی چین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی رۆڵ و ستراتیژی چینە لە ئاسیای ناوەراست.

بەشێوەیەکی گشتی، ئاسیای ناوەراست لە دیدگای ستراتیژی چیندا گرنگی تایبەتی هەیە لەبەر ئەم هۆکارانە :

یەکەم : پاڵنەرو هۆکاری تەناهی و سەقامگیری گرنگی تایبەتی هەیە،بەتایبەت ئاسیای ناوەراست دەکرێت سەرچاوەی مەترسی و نائارامی و ناسەقامگیری بێت بۆ چین بەهۆی هاوسنووری و نزیکییەوە بە تایبەت لە هەرێمی(سینکیانگ- تورکستانی رۆژهەڵات).

دووەم: ئاسایی ناوەراست بۆ چین لەرووی سەرچاوەکانی وزەو کاری هاوبەشی بازرگانی و ئابووری گرنگی بۆ چین هەیە.

سێیەم: هاوجۆری لە رووی رەگەزو کلتوری هەیە.

چوارەم: ئاسیای ناوەراست لە پاش رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر گرنگی تایبەتی بۆ چین هەیە بەتایبەتی پاش بوونی سەربازی ئەمەریکا لە هەرێمەکە.

پێنجەم: چین هەوڵدەدات زۆرترین کاریگەری سیاسی لەسەر سیستەمی حوکمڕانی ئاسیای ناوەراست دابنێت و دەرفەتەکانی هەژموونی سیاسی ئەمەریکا لەناوچەکە لاواز و سنووردار بکات.

**کلیلی وشەکان: ئاڵێنگاری، ستراتیژ، ئاسیای ناوەڕاست، ململانێ، ئارامی سیاسی.**

---

**پێشەکی :**

دەوڵەتە گەورەکانی وەك ئەمریکا و رووسیاو چین ، هەروەها ئێران وتورکیا و ئیسرائیلیش هەوڵی دەربازبوونیان بۆ ئەم ناوچەیە چەندین فۆرمی جۆراوجۆری وەرگرتووە . هەریەك لەوان دەیانەوێت بە میتۆدی جۆراوجۆر و فۆرمی جیاواز جیاواز و بەمیکانیزمی سیاسیی و ئابووری وسەربازی پشکی گەورەیان هەبێت لە سەرچاوەو دەرامەتە سروشتییەکانی ئاسیای ناوەراستدا .

ئاسیای ناوەراست لەئێستادا بۆتە یەکێك لە پنتە گەورەکانی پراکتیزە کردنی بەرژەوەندی ستراتیژی ئەمریکا ، بەو روانگەیەی کە ئەمریکا جەمسەری سەرکەوتووی جەنگی ساردبوو ،ستراتیژیەتی چربوونەوەی پیادەدەکرد لەوناوچانەی کە ناوچەی باڵادەستی سۆڤیەتی پێشوو بوون،یان هەژموونگەرایی سیاسیی و ئیداری و ئابووری و سەربازی سۆڤیەتی جارانی تێدابوو .رووسیای ئێستاش پاش هەولەکانی بۆ گەرانەوەی بۆ جۆرێك لەدۆخی جارانی لەرووی کاریگەریی و کارتێکەری لەسیاسەتی نێودەوڵەتی وهەرێمایەتی ، جارێکی دیکە لەهەوڵی

کۆنترۆڵکردنەوەی ئاسیای ناوەراستە بەلام دوور لە فۆرمە کلاسیکیەکەی پێشووتر .چین ئاسایشی هەرێمایەتی خۆی گرێدەداتەوە بە تێگەیشتن لە رێساکانی گەمە و ململانێ لەسەر ئەم ناوچە گرنگەی جیهان . کە بوونی خۆی وەك حاڵەتێکی جەبری لە ئاسیای ناوەراستدا دەبینێتەوە بۆدەستکەوتنی بەرژەوەندی زیاتری سیاسی و ئابووری و هەروەها بۆ کاریگەری دانان لەسەر رێساکانی گەمەکەو کێبرکێ کانی ئەم ناوچەیە .

**گرنگی توێژینەوەکە :**

سیاسەتی دەرەوە بەرامبەر بە ئاسیای ناوەراست گرنگیەکی زۆری هەیە لە بواری ستراتیژی نێودەوڵەتی ، بەتایبەت لەبواری ئەو توێژینەوانەی بە توێژینەوەی ستراتیژی ئاسیایی دەکرێن . لەپاڵ ئەوەی کەتوێژینەوەکە جگە لەبوارە ستراتیژیی و تەناهییەکەی گرنگی لەرەهەندێکی دیکەدا بەرجەستە دەکات ئەویش ململانێیە لەسەر فاکتەری ئابووری وسەرچاوە سروشتییەکان . لەرەهەندێکی دیکەدا گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لە ئێستادا شیکاری ئەو بەرەو پێشچوونانە گرنگن کە ئەم ناوچەیە بەخۆیەوە دەبینێت لەگەڵ سروشتی ئەو ململانێ و کێبرکێ نێودەوڵەتییە ستراتیژییەی کەلەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا هەیە .

دەکرێت بە دوو خاڵ گرنگی ئەم توێژینەوەیە پوخت بکەینەوە :

یەکەم : گرنگی ئاسیای ناوەراست لە دابینکردنی ئاسایشی ووزە لەسەر ئاستی جیهان و دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە بە سەرچاوەی سروشتی و هەڵکەوتەی ستراتیژی گرنگ . هەموو ئەمانە وادەکەن ببێتە جێگەی گرنگی پێدان و ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەناوچەکەدا، بەتایبەت چین ئامانجی ئابووری گەورەی هەیە لە هەرێمەکەدا.

دووهەم : چین ، ململانێی ئەمریکا لەسەرئەم ناوچەیە بەمەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆیان دەزانن بەوەی کەناوچەی بەرژەوەندی ئەوانەو نزیکبوونەوەی ئەمریکا بەزەنگی مەترسیدار وێنا دەکەن .

**گرفتی توێژینەوەکە :**

ئاسیای ناوەراست گرنگی ستراتیژیی و جیۆپۆلۆتیکی هەیە ، ناوچەیەکە بەدڵی جیهان ئەژمار دەکرێت و دەکەوێتە چەقی هاوکێشەکانی گۆرانی هێزەوە . جیا لەوەی ئەم هەرێمە لەدۆخێکی ناجێگیری سیاسیی و ئابووری و بونیادی دا دەژین ، بۆتە ناوچەیەکی چاوتێبراوی هێزە نێودەوڵەتییە گەورەو بەتواناکان ، بەتایبەتیش گەشی خێرای چین و ئەو ئالێنگارییانەی چین بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ناوچەکە دەیخوڵقێنێت.

**گریمانەی توێژینەوەکە** :

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی بەرجەستە دەکات لە :

کاریگەریی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئامانجە ستراتیژییەکانی چین لەسەر ستراتیژیەتی ئەمریکا لە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست ، هەڵکەوتەی جیۆستراتیژی و سەرچاوەسروشتییەکان ، نەوت و گازی سروشتی ئەم ناوچەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێکانی ئەمریکی – چینی .

**پەیکەری توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت ، هەربەشێك دوو باس لەخۆ دەگرێت لەگەڵ بوونی پێشەکی و دەرئەنجام یان پوختە . بەشی یەکەمیان باسکردنە لە گرنگی پەیوەندی نێوان چین و ئاسیای ناوەراست، لە دوو توێی دوو باس دا . بەشی دووهەم شرۆڤەکردنێکی زانستیانەی بەهێزکەرەکانی چین لە ئاسیای ناوەراست و ئالێنگارییەکانی بەردەم ستراتیژی ئەمریکا. بەهەمان شێوە لە چوارچێوەی دوو باس دا . بەشی کۆتایی توێژینەوەکە ، بەشی سێهەم ، تیشک خستنە سەر سیاسەتی چینە لە رووبەرووبوونەوەی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست، کە ئەویش خۆی لە دوو باس دا بەرجەستە دەکات .

**میتۆدی توێژینەوەکە** :

میتۆدی مێژوویی ، میتۆدی وەسفی شیکاری ، میتۆدی بەراوردکاری . لەگرنگترین ئەو میتۆدە سەرەکیانەن کە بۆ سازدانی ئەم توێژینەوەیە پشتیان پێبەستراوە .

**بەشی یەکەم**

**چین و ئاسیای ناوەڕاست**

چین وڵاتێکی سەرەکییە و ئامانجەکانی سیاسەتەکەی لە وڵاتانی دراوسێی ئاسیای ناوەڕاست چڕبوونەتەوە، بەو پێیەی ئەو ناوچەیە گرنگە بۆ ئاسایشی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی، بەو پێیەی درێژیی سنوورەکانی نێوان خۆی و سێ وڵاتەکە، کازاخستان، قیرغیزستان و تاجیکستان، زیاتر لە 3000 کم، و زۆرێک لە نەتەوە ڕەوەندەکان لە نێوانیاندا دەژین، و گۆڕاوە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرژەوەندییەکانی چین هەیە، بۆیە سەرکردایەتی چین دەستپێشخەری کرد بۆ داننان بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دوای سەربەخۆ بوونیان لە ساڵی 1991ز، و پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵیان دامەزراند بە ئامانجی هاوکاری و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بۆ پاڵپشتیکردنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، لەڕێگەی ئەنجامدانی چەندین ڕێککەوتن، بەتایبەتی لە کاروباری تەناهی و سەربازیدا(عودة،2005، ل96).

**باسی یەکەم : گرنگی ئاسیای ناوەڕاست لە سیاسەتی چین لە دوای ساڵی 2001ز.**

بوونی سەربازیی ئەمەریکا، لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەفغانستان لە ساڵی 2001ز، قەبارەی بوونی ئەو وڵاتەی لە وڵاتانی ناوچەکەدا زیاد کرد و بووەتە تەنیشت ناوچەی (سینگیانگ)ی چینی، کە گرنگییەکی ستراتیژی هەیە بۆ چین، بەمەش هەڕەشە تەقلیدییەکان زاتر ڕووبەڕووی ناوچە ڕۆژئاواییەکانی بوون. سیاسەتی چین زیاتر هەوڵدەدات متمانەی فرەلایەنە لە سیاسەتی هەرێمیدا دروست بکات، ئەمریکا پێشوازی لەو سیاسەتە دەکات لەڕێگەی پشتگیریکردنی بۆ بەشداریکردنی ئەرێنی چینی لە پرسی تەناهی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و زەریای هێمن، کە بووە هۆی پەرەپێدانی ئامانجە ستراتیژییەکانی بەرەو ئۆراسیا، وەک هێزێکی سەرەکی لە کەمپی دژە ڕۆژئاوایی ئەگەریدا، بەڵام دیدگایەک هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات کە گۆڕەپانی چینی زیادبوونی کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی ناتوانێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئۆراسیا بەریەک بکەوێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەتوانێت بۆ بەدەستهێنانی کۆدەنگی لە نێوان چین و ئەم بەرژەوەندییانە بێت (أوغلو،2011، ل515).

لەڕووی سیاسی و تەناهیەوە، چین لە هەوڵی بەردەوامدایە فشار بخاتە سەر حوکمڕانانی ئاسیای ناوەڕاست لەبەرامبەر جوداخوازەکانی ئیگۆر کە هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی زیاتر دەدەن لە هەرێمی سینگ یانگ کە ئەو هەرێمە زیاتر لە بیست ڕووداوی ناسەقامگیری تەنهایی تیایدا ڕوویداوە کە زۆربەی ئەو ڕووداوانە پەیوەندیان هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهەندێك هێزی ناو ئاسیای ناوەڕاست (کوخ، 2001، ل107).

نیگەرانییەکانی چین لە زیادبوونی گرفت و بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێکان لەڕووی نەتەوەیی و ئایینی و هێزە ڕادیکاڵەکانەوە کە کاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی سینك یانگ لە ڕۆژئاوای ئەو دەوڵەتە هاوکات بوو لەگەڵ جەنگی ئەمەریکا دژ بە تیرۆر لە دوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001، هێزەکانی ئەمەریکا چوونە ناوچەکە و بنکەکانی ئەمەریکا نزیك بوونەوە لە هەرێمی سینك یانگ، ئەمەش کاریگەری کردە سەر دۆخی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست بەتایبەت دوای جێگیربوونی بنکەکانی ئەمەریکا لە خان ئابادی ئۆزبەکستان و کریغستان و پاکستان. هەموو ئەوانەش وای لە چین کرد پەنا بەرێتە بەر لێکتێگەیشتنی بەکۆمەڵ یان دوو لایەنە لەگەڵ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست بەمەبەستی پاراستنی سنوورەکانی(عبدالله، 2015، ل332).

پەیوەندییە ئابوورییەکان بەشێکی گرنگی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکانن، جا چین لە ڕووی ئابوورییەوە بە خێرایی گەشە دەکات یان وڵاتانی تازە سەربەخۆی ئاسیای ناوەڕاست، کە هەردووکیان زۆر پێویستیان بە جوڵاندنی چەرخی هاوکارییە ئابوورییەکان هەیە لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە زۆربەی هاوردەکردنی چینی لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستەوە یەکێکە لەو کەرەستە خاوانەی کە چین کەمی هەیە، بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی و ئەمەش ئەوەیە کە یارمەتی چین دەدات بۆ چارەسەرکردنی پرسی پێداویستییەکانی وزە، لە هەمان کاتدا وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستیش دەتوانن پێداویستییە ناوخۆییەکانیان لە کاڵای بەکاربەر و بەرهەمی تری چین هاوردە بکەن، بۆیە چین بەشداری کرد لە بواری هاوکاری

ئابووری و تەکنەلۆژی، لە ڕێگەی پرۆژەی وەبەرهێنان لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆڵێکی ئەرێنی بینیوە لە چارەسەرکردنی کەمیی سەرمایە، لە ڕێگەی دامەزراندنی دەزگا هاوبەشەکان بۆ وەبەرهێنان لە نەوت و گازی سروشتی لە کازاخستان، و کۆمپانیا پیشەسازییەکان لە ئۆزبەکستان، و بەشداریکردن لە بواری گەشەپێدانی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانە، بە ئامانجی زیادکردنی قەبارەی هاوکارییەکان بەو پێیەی دەروازەیەکە بۆ ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا پێکدەهێنن، بە بوژاندنەوەی بازرگانی بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست(عبدالحمید، 2006، ل85). چونکە جیۆستراتیژییەتی ئاسیای ناوەڕاست گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی چین لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

**باسی دووەم: ئەو هۆکارەکانی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی چین هەیە، لە ئاسیای ناوەڕاست لە دوای ساڵی 2001ز.**

سیاسەتی چین فۆکەسی لەسەر پێویستی دامەزراندنی پەیوەندییەکی ستراتیژی درێژخایەندا بوو لە ڕێگەی فراوانبوونی ئابووری و دیمۆگرافیای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە نێوان زۆری سەرچاوە سروشتییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست، و ڕەنگدانەوەی کاردانەوەکانی ئەمە لە هاوسەنگییە ستراتیژییە جیهانییەکان و ئەو کاریگەرییە لەسەر هاوسەنگییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و زەریای هێمن، و لەسەر بنەمای ئەمەش چین هەوڵدەدات تواناکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ئابوورییەکەی، پەرەپێدانی سیاسەتی کراوەیی، و ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی و ناوچەیی بە توخمێکی گرنگ لە سیاسەتی چیندا بزانێت، بە بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، و بەمجۆرە چین بووەتە دووەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانی لەگەڵ کازاخستان و قیرغیزستان، جگە لە وەبەرهێنانی هاوکارییەکانی لە ڕێگەی ڕێکخراوی شەنگەهای، بۆ پەرەپێدان و هەماهەنگی و هاوکاری تەناهی بە مەبەستی سەقامگیرکردنی سنوورەکانی ئێستا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بزووتنەوە جوداخوازەکان، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و سپیکردنەوەی پارە(کریستنسن، 2016، ل385-390). بۆیە گرنگی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بۆ ئاسایشی وزە و سنووردارکردنی هەژموونی ئەمریکایە تێیدا. دەتوانرێت گرنگترین هۆکارەکان کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی چین هەیە لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا بەم شێوەیە دەستنیشان بکرێن(المدني، 2005، ل148):

1 - پەرەسەندنی سیاسەتی چین لە بەرامبەر کاریگەریی وروژاندنی ناسیۆنالیزم و مەیلی ئایینی لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، لەسەر سەقامگیری ناوچەی ڕۆژئاوای تەنیشت ئەو وڵاتانە، هەرێمی (سینگ یانگ)، کە لە مێژوودا بە (تورکستانی ڕۆژهەڵات) ناسراوە ، کە زۆرینەی موسڵمان تێیدا دەژین پەیوەستە بە پەیوەندییە نەتەوەیی و کولتووری و زمانەوانییەکانەوە لەگەڵ دانیشتووانەکەی لە ژێر سێبەری چالاکیی هێزە توندڕەوەکان کە داوای سەربەخۆیی دەکەن، هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی چین دەکەن، بە پاڵپشتی (قاعیدە) و (بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکی). ، و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی تر کە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست وەک خاڵی دەستپێک بۆ پارچەپارچەبوونی یەکێتی چین وەردەگرن، بۆیە پێویستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتەکانی هەیە، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی شەپۆلی تیرۆری چەکداری سنوور بەزاندن، لە هەردوو وڵاتی ئۆزبەکستان و تاجیکستان دوای ئەوەی تاڵیبان لە ساڵی 1996ز ئەفغانستانی کۆنترۆڵ کرد. جگە لە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە دوای ساڵی 2001ز، و ئامانجەکانی فشاری ستراتیژی ئەمریکا لە پێناو گەیشتن بە دیموکراسی و چاکسازی سیاسی، بۆیە چین هەوڵیدا هەماهەنگی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بکات، بەتایبەتی کازاخستان، بۆ هاوکاریکردن لە بواری پرۆژەی گەشەپێدانی هاوبەش و سنووردارکردنی جموجۆڵە جوداخوازییەکان لە ناوچەی چین (سینگ یانگ) (سلیم، 1998، ل332).

2 - گرنگی ئاسیای ناوەڕاست بۆ چین وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی لە نزیکیی جوگرافیای نێوان هەناردەکار و هاوردەکاردایە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش چین هەوڵی زیادکردنی کێبڕکێی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە کازاخستان داوە، ئەمە جگە لەوەی وەبەرهێنان دەکات لە ئاسن و کانزاکانی دیکەی ئەو کانزایانەی کە چین تادێت پێویستی پێیانە

لەبەر ڕۆشنایی فراوانبوونی بەرفراوانەکەی لە بواری گەشەپێدان و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووریدا (المدني، 2005، ل148) .

3 - دۆخی سەقامگیری تەناهی فاکتەرێکی سەرەکییە لە سیاسەتی چین بەرامبەر بە ناوچەکە و لەم ڕوانگەیەوە چین بەدوای لێکتێگەیشتنی دوولایەنە و بەکۆمەڵدا گەڕاوە بۆ هاریکاری تەناهی، بەمەبەستی پاراستنی دۆخی ئێستا و پاراستنی ناوچە سنوورییەکان و بێ چەک کردنیان(عبد المنعم، 2003، ل61).

4 - بەشداری چین لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابوری لە وڵاتانی ناوچەکەدا ئامانجی گرێدانی بە ئابووری چینەوە لە چوارچێوەی کێبڕکێی بازرگانی بازاڕی هەناردەکانی، لە لایەکی تریشەوە گەشەسەندن و ئەو سەقامگیری سیاسی و تەناهی کە هاوشانی دەبێت، یارمەتی دەدات وەک دەروازەیەک بۆ بازرگانی دەرەکی، و ئەگەری بەکارهێنانی وڵاتانی ناوچەکە بۆ بەندەرە دەریاییەکانی چین بۆ هەناردەکردن بۆ ژاپۆن و کۆریا(فرحات، 2021، ل155-160).

5 - چڕکردنەوەی ئامانجی سیاسەتی چین لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵ و هەژموونی ئەمریکا لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بەتایبەت ڕۆڵی تەناهی، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە ناوچەکە، و ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی هاوبەشی هێزەکانی لەگەڵ هێزەکانی کازاخستان، قرغیزستان و ئۆزبەکستان لە ساڵی 1996ەوە، جگە لە پرۆژەی وەبەرهێنان کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا لە ناوچەکە وەک وەبەرهێنەر لە پیشەسازی نەوت و گاز (المدني، 2005، ل148).

بە دیدی ئێمە : ئابووری چین بە ئابوورییەکی گەشەسەندوو ئومێد بەخش ئەژماردەکرێت کە لەسەر ئاستی جیهان و خاوەن بازاڕێکی فراوانی بەکاربردن و بەرهەمهێنانە لە جیهاندا، گەشەکردنی ئابووری چین بەشێوەیەکی خێرا وا دەکات پێویستی بە سەرچاوەکانی وزە بێت و هەمیشە لە هەوڵی فرە جۆرکردنی سەرچاوەکانی گەیشتنی وزەیە، بۆ ئەو مەبەستەش روو لە ئاسیای ناوەراست و قەوقازو عێراق و ئێران و چەندین شوێنی دیکەیە، بەتایبەت کە ئەو ناوچانەی ئاماژەمان پێکردوون خاوەن سەرچاوەی گەورەی ووزەن لە گازی سروشتی و نەوت. ئاڕاستەی ستراتیژییەکانی چین بەرەو ئاسیای ناوەراست بریتییە لە تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ ئەو ناوچەیە، چونکە ئەمە هەم بەرنگارییەکان و هەم دەرفەت بۆ بەرژەوەندی تەناهی و سیاسی و ئابووری دەخولقێنێت چین بەرژەوەندییەکی بەهێزی هەیە لەئاسیایەکی ناوەراستی ئارام و سەقامگیر و خۆشگوزەران . ئەمەش کاریگەری دەبێت لەدابینکردنی وزە و پاراستنی سەقامگیری لەناوچەی سینگ یانگ، زیادبوونی کاریگەری و دەسەڵاتی چینییەکان پێشبڕکێکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکانی خێراتر کردووە بۆ بەرگریکردن لەپەرژەوەندییەکانیان لەئاسیای ناوەراست : ڕوسیا، ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، تورکیا و هیندستان هەموویان بەرژەوەندییەکی پتەویان لەم هەرێمە گرنگە ستراتیژیەدا هەیە.

لەدیدی( ئەلیکساندەر بۆلۆنیەن- Aleksandra Bolonina ) چین دوو بەرژەوەندی سەرەکی هەیە لەئاسیای ناوەراست: ئاسایش و بەرژەوندی ئابووری لەسەر بنەمای وزە. خەمی گەورەی ئاسایشی چین سینگ یانگە، کە جوودا خوازەکانی ئیگۆر مەترسییەکی گەورەیان لەسەر سەقامگیری ناوخۆی دروست کردووە لەوکاتەی وڵاتانی ئاسیای ناوەراست سەربەخۆییان بە دەست هێنا، حکومەتەکانیان لە پێگەیەکی لاوازدان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە سنوورەکانی خۆیان بکەن. هەروەها بارودۆخی پێشبینی نەکراو لە ئەفغانستان دوای کۆتایی هاتنی هێزی هاریکاری ئاسایشی نێودەوڵەتی بەسەرۆکەیاتی ناتۆ لەکۆتایی ساڵی 2014دا مەترسیەکی زیاتری بۆسەر سەقامگیری هەرێمەکە دروست کردووە، هەروەها ئەم هەرێمە نەوایەکی باش بۆ جودا خوازەکانی ئیگۆر دابین دەکات. سیانگ سنورێکی درێژی 3700 کم لەگەڵ وڵاتەکانی ئاسیایی ناوەراست هەیە و هەر نائارامییەکی ناوچەی دەتوانێت کاریگەری بەسەر سیانگ دا هەبێت. بۆ باشترکردنی هاوکاری ئاسایش و بەجێهێنانی پێویستیەکانی ئاسایشی چین لەبەرەنگاربوونەوەی گفتوگۆکانی "سێ خراپەکارییەکانی three evils" جیاخوازی، توندرەوی ئایینی و تیرۆر دا، چین هەوڵی بەهێزکردنی سیاسی و سەربازی و ئابووری داوە لەگەڵ ئاسیای ناوەراست بەشێوەیەکی سەرەکی لەرێگەی رێکخراوی هاوکاری شانگهای (SCO) کە وەك رێکخراوێکی تەناهی فرە حکومەتی کاردەکات بۆ نزیکردنەوەی حکومەتەکانی: چین، ڕوسیا، کازاخستان، قریگزستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، بۆ

بەگژداچونەوە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەرەوە(Bolonina,2019, pp9).

## بەشی دووەم

## بەهێزکەرەکانی چین لە ئاسیای ناوەراست و ئالێنگارییەکانی بەردەم ستراتیژی ئەمریکا

چین لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەورەترین وڵاتی جیهانە و لە ڕوانگەی سەربازیشەوە سوپای چین گەورەترین سوپای جیهانە و ژمارەی سەربازەکانی سێ ملیۆن سەربازە، چینیش لە پلەی سێیەمی خەرجییە سەربازییەکانە لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، لە ڕووی ئابووریش لە ڕێزبەندی یەکەمە وەك خێراترین ڕێژەی گەشەسەندن، و ڕیزبەندی دووەمە وەك گەورەترین ئابووری جیهان لەدوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دووەم گەورەترین هاوردەکار و بەکاربەری وزەیە لە جیهاندا(عبدالملك، 2005، ل23).

### باسی یەکەم : بەهێزکەرەکانی سیاسەتی چین لە دوای ساڵی 2001ز.

لەسەر بنەمای ئەم بەهێزکەرانە، چین خاوەنی توخمەکانی ئەو توانایەیە کە وای لێدەکات بتوانێت ڕکابەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، و ڕۆڵێکی سیاسی چالاك و کاریگەر لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بگێرێت، بە بەکارهێنانی ئەم توانا ئابووری و سەربازییە پێشکەوتووانە و هێزی مرۆیی، بۆ ئەوەی ببێت بە هێزێکی کاریگەر لە دەرەوەی سنوورەکانی، بە مەبەستی گۆڕینی بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی کە ئێستا هەیە لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی، بۆیە (سەختترین ئالێنگاری) بۆ ئەمریکا پێکدەهێنێت، بەهۆی ئابووری بەهێز و هێزی سەربازی کاریگەر، بە پێچەوانەی ڕووسیا کە وڵاتێکی سەربازی بەهێزە و لەسەر بنەمایەکی ئابوورییەکی لاواز دامەزراوە(الجبالي،2007، ل70).

ئامانجی سیاسەتی چینی هەوڵدانە بۆ هاوکاری و تەواوکاری بە فراوانکردنی وەبەرهێنانەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی، و ئامانجەکانی سنووردار نین بە تەواوکاری لە ناوچەی هەژموونی خۆی و ناوچە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ئاسیای ناوەڕاست، بەڵکو بە ئامانجی گەیشتن بە ئەوروپا، و درک بەوە دەکات کە ڕێگا بازرگانییەکان لە لایەن هێزە دوژمنکارە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانەوە دەور دراوە، بە تایبەتی بوونی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی، بۆیە هەوڵیداوە بۆ پەیرەو کردنی ستراتیژییەتی ئاشتیەوی، کە وایکرد زیاتر لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست نزیکببێتەوە(الترمان و غارفر، 2001، ل119). و دەتوانرێت گرنگترین بەهێزکەرەکانی توانای چین بەم شێوەیە دەستنیشان بکرێن (عبدالله،2015، ل119):

1 - شوێنی جوگرافی جیاواز کە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە دەبەستێتەوە، وای لێکردوە کە گرنگترین ڕێگاکانی گەشتیاری دەریایی و وشکانی و ئاسمانی کۆنترۆڵ بکات.

2 - چین لە ئاستی جیهانیدا لە ڕووی هێزی مرۆییەوە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە کە خاوەن ئاستی بەرزی خوێندن و پێشکەوتنی زانستین.

3 - لەپلەی یەکەمدایە لەڕووی خێرایی گەشەی ئابوورییەوە، بەوپێیەی ئەم ڕێژەیە لەساڵی 2005ەوە 9%ی تێپەڕاندووە، هەروەها ئاستی ئابووری چینیش لەپلەی پێنجەمەوە بۆ دووەمی جیهان لەدوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای ساڵی 2014ز بەرزبۆتەوە، و ئەگەری ئەوە هەیە کە ئابووری ئەمریکا تێپەڕێنێت و پلەی یەکەم لەسەر ئاستی جیهانی داگیر بکات.

4 - یەدەگی چین لە دراوی بیانی بە نزیکەیی (6.2) ترلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، کە گەورەترین یەدەگی دراوییە، هەروەها یەکەم قەرزدەرە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

5 - چین ڕووباری گەورەی هەیە، هەروەها دەشتی کشتوکاڵی فراوانی هەیە، ئەمەش وایکردووە لە ئاستی جیهانیدا پێگەی پێشکەوتوو لە چاندنی بەروبوومەکانی وەک برنج و چا و پەتاتە و ئەوانی تردا داگیر بکات.

6- چین هێزێکی پیشەسازی پێشکەوتووی جیهانی هەیە، بەهۆی توانای داهێنان و خاوەندارێتی تەکنەلۆجیا و هەمەجۆری سامانە سروشتییەکانی، ئەمە جگە لە زۆری هێزی مرۆیی کارکەر.

7 - قەبارەی وەبەرهێنانی چینی لە دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لە (7.2) ملیار دۆلار لە ساڵی 2003ز بۆ (100) ملیار دۆلار لە ساڵی 2012ز.

8 – چوونی چین بۆ ناو (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، بانکی نێودەوڵەتی، و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی) وایکرد وەبەرهێنانەکان بە سود وەرگرتن لە قەرزەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت.

ئەو بەهێزکەرە سەربازییانەی کە چین هەیەتی، وایانکردووە هێزێکی کاریگەر بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەو پێیەی کۆی گشتی هێزە چەکدارەکانی چین لە (2،285،000) سەرباز پێکهاتووە، ئەمە جگە لەوەی کە لە پلەی سێیەمی جیهاندایە وەک وڵاتێکی ئەتۆمی دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، بەهۆی خاوەندارێتی (250) سەری ئەتۆمی، بەپێی ئاماری ساڵی 2013ز، هەروەها لە پلەی سێیەمە دوای ئەمریکا و ڕووسیا لەبواری ئاسمان(فەزا). لەساڵی 2011ز چین کەشتی ئاسمانی (شینخۆ 8)ی هەڵدا، لە چوارچێوەی بەرنامەی ئاسمانی خۆیدا، کە بریتییە لە پەرەپێدانی چەکی دژە چەک کە توانای لەناوبردنی مانگە دەستکردە سەربازییەکانی ئەمریکا، هەروەها دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلەی دووەمی داگیرکردووە لە قەبارەی بودجەی بەرگری بە نزیکەیی (250) ملیار دۆلار لە ساڵی 2012ز (کریستنسن و شل، 2004، ل414). ئەم پەرەسەندنە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیادا هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر ڕۆڵی چین لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەبوو.

ئەم توانا سەربازییانەی کە چین خاوەنییەتی، جگە لە توانا ئابوورییەکانی، پێکەوە لایەنە گرنگەکانی خاوەندارێتی ئەو هۆکارە سەرەکیانەی هێز پێکدەهێنن کە چین پشتیان پێدەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریی سیاسی زیاتر و پێگەیەکی کاریگەر لەسەر ئاستی جیهانی. و لە ڕێگەی ئەم پێکهاتانەوە چین دەتوانێت هێزێکی کێبڕکێکار بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکبهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانی لەگەڵ ڕووسیا بۆ بنیاتنانی جیهانێکی فرە جەمسەری دوور لە سیستەمی جیهانی یەک جەمسەری کە تایبەتمەندی کۆتایی جەنگی سارد بوو، و بە ئاڵنگاری ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ناوچەکانی ئۆراسیا و ئاسیای ناوەڕاست، ئەمەش بووەتە هۆی چڕبوونەوەی کێبڕکێی نێوان ئەو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا(عبدالله،2015، ل157).

دەتوانرێت بوترێت چین لە ڕێگەی فاکتەری هێزی ماددی و نامادديیەوە کە هەیەتی دەتوانێت بەشداری بکات لە ڕۆڵێکی چالاک لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، و پێگەی خۆی لە سیستەمی جیهانیدا بەهێز بکات، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئابوورییەی کە چین خاوەنییەتی لە ڕێگەیەوە دەروازەیەکی بنەڕەتی پێکهێناوە کە بە ڕێگەیەوە توانیویەتی هێزی سەربازی خۆی پتەو بکات، ئەم دەسەڵاتە لە هەردوو لایەنی (ئابووری و سەربازی) هێزێکی زیاتری بە چین بەخشیوە لە ڕووی دیبلۆماسی و سیاسییەوە، ڕێگەی پێداوە دیدگای سیاسی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو پرسانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئاستی جیهانی هەیە، لە ڕێگەی ئەو بەهێزکەرانەوە کە چین هەیەتی توانیویەتی بەرەو دامەزراندنی سیستەمێکی جیهانی فرە جەمسەری ڕێڕەوەکە پاڵ بنێت، ئەوەش لە ڕێگەی هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ ڕووسیا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. ئەمەش لە هەڵوێستی چینی-ڕووسی سەبارەت بە قەیرانی سوریا لە ساڵی 2011ز و قەیرانی ئۆکرانیا لە ساڵی 2022ز روون بوو، و ئامانجیش جێگیرکردنی پێگەی چینە لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.

**باسی دووەم: پرۆژەی ڕیگای ئاوریشمی نوێ، ئاڵنگارییەك بۆ ستراتیژی ئەمریکا لەئاسیای ناوەڕاست:**


*باکگراوندی مێژوویی ڕێگای ئاوریشم:*

ڕێگای ئاوریشمی کۆن لەسەردەمی بنەماڵەی هان (206 پ.ز – 220 پ.ز) دامەزرا. ئیمپرتوریەتی هان بەرەو ڕۆژئاوا فراوان بوو و تۆڕێکی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستا دروستکرد و تەنانەت ئیمپراتۆریەتیەکەی بەئەوروپاوە گرێدا گەلی هان ئاوریشم و بەهارات و شەرابیان بە وڵاتانی تر دەفرۆشت. شوشە و زێڕ و کانزایان دەکڕی. ڕێگای ئاوریشمی کۆن وەك پردێکی ئاڵوگۆر بۆ بازرگانی و کەلتوور و ئایینەکانی نێوان چین و وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو. بەهۆی هاتنی عەرەب بۆ ئاسیای ناوەڕاست لە ساڵانی (618-907)و هێرشەکەیان بۆسەرمۆڵگەی بازرگانی تانگ ،بازرگانییەکە کەم بوویەوە, ڕەوتی بازرگانی گەشەی کرد کاتێك مەغۆلەکان ئیمپراتوریەتێکی گەورەیان کەبەشێکی زۆری ئۆراسیایان کۆنترۆڵکردبوو. کاتێك ئیمپراتوریەتیی یوان (1279-1368) هەڵوەشا، مەغۆلەکان بوون بە دوژمن. ئەوان کۆنترۆڵیان هێشتەوە لە سیانك یانگ و بازرگانیەکەیان وەستاند. کاتێك ئیمپراتوریەتی مانچو چینگ (1644-1912) لەهاوپەیمانی لەگەڵ مەغۆلەکان سەریهەڵدا، هەرچەندە کۆنترۆڵی ڕیگاکانی ڕێگای ئاوریشمیان هەبوو، بەڵام بۆ گواستنەوەی زەوی زۆر کەم بەکارهات چونکە دروستکردنی کەشتی و تەکنەلۆجیای گەران بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند بازرگانی دەریایی گەشایەوە (Silk Road, 2021).

<u>دەستپێشخەری ڕێگای ئاوریشمی نوێ</u>

لەساڵی 2013 سەرۆکی چین ( شی جین بینگ – Xi Jinping ) پێشنیاری کرد کەرێگایەکی نوێی ئاوریشم دروستبکرێت. پشتێنە BELT – ئاماژە بەڕێگا سەر زەوییەکان دەکات و ڕیگاکە ROAD – ئاماژە بەڕیگا دەرياییەکان دەکات دەستپێشخەری پشتێنە و ڕیگا پرۆژەیەکی ڕیگای ئاوریشمی نوێ هەروەها پێی دەوترێت بێڵت و دەستپێشخەری ڕێگا. ئەوە وڵاتانی ئەوروپاو ئاسیا و ئەفریقا بەیەکەوە دەبەستێتەوە پلانەکە لەلایەن شی، سەرۆکی کۆماری گەلی چینیەوە دەستی پێکرد. ڕیگای ئاوریشمی نوێ جەخت لەسەر وەبەرهێنانی هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگای گشتی و دروستکردنی بەندەر دەکاتەوە(Pang,2021).

**نەخشە ژمارە ( 1 ) ڕێگای ئاوریشمی نوێ**




<u>پشتێنەی ئابووری ڕیگای ئاوریشم :</u>

لە7ی ئەیلولی 2013، پشتێنەی ئابووری ڕیگای ئاوریشم دەستی پێکرد کەئامانجی گرێدانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستە ڕێگای "یەك بێڵت" درێژ دەبێتەوە بۆ ناوچەی دەریای بەلتیك لەڕیگەی ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسیاوە، بۆ ناوچەی دەریای ناوەڕاست لەڕیگای ئاسیای ناوەڕاستەوە و ڕۆژئاوای ئاسیا و بۆ ناوچەی ئۆقیانوسی هیند لەڕێگەی باشووری چینەوە(Pang,2021).

وڵاتانی پشتێنەی ئابووری ڕیگەی ئاوریشم(Pang,2021):

- وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست وەك کازاخستان و کریگزستان و تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تورکمانستان تەنیا لەچینەوە لەسنووردان، ئەوان لەنزیکەوە پەیوەندیان بەئابووری چینەوە هەیە.
- وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ئێران و عێراق و ئوردن و سوریا و سعودیە و تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی بازرگانی بەنەوت و گازەوە دەکەن ئەوان چاوەڕوانی بەرەوپێشبردنی پیشەسازی و کشتوکاڵی تر دەکەن لەڕیگەی هاوکاری لەگەڵ چین.

- پێشبینی دەکرێت وڵاتانی دیکەی سنووری نێوان ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست وەك ئازەربایجان و جۆرجیا و ئەرمەنستان و ئۆكرانیا و بیلاڕوس و مۆڵدۆڤیا یەکخستنی ئابووری بەدەست بهێنن.
- ڕوسیا بەشێکی گرنگی پشتێنەی ئابووری ڕێگای ئاوریشمە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ناوچەی قەوقاز و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا هەیە.
- ئەگەر کێشەکانی ئەفغانستان بەئاشتی چارەسەربکرێن ئەوا پێشکەوتنی ئەفغانستان و پاکستان و هیندستانیش بە دەستپێشخەریی بێڵت و ڕێگا بەرز دەبێتەوە.

دەستپێشخەریی بێڵت و ڕێگاکە بازدانێکی جۆریی لەستراتیژی چین نیشان دەدات بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جوراوجۆری جیهان، هەروەك پەیوەندییە ئابوورییەکانی چین لەگەڵ زۆرێك لەوڵاتان بەهێز دەکات و ئابووری ئەو ووڵاتانە بەیەکتر دەبەستێتەوە و چین توانیویەتی لەو چوارچێوەیەدا چەندین وڵات بدۆزێتەوە کەپشتیوانی ئەم دەستپێشخەرییە دەکەن و دەیانەوێت لەم دەستپێشخەرییە بەشداربن، ئەم دەستپێشخەرییە ئامانجی چینییە بۆ گرێدانی جیهان بەتۆرێکی ڕێگای وشکانی و دەریایی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەهەموو ناوچەکانی جیهان و زیادکردنی کارلێککردن لەنێوان وڵاتاندا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی 21 تیشك دەخاتە سەر دوو هێڵی سەرەکی: هێڵێك لە بەندەرەکانی کەناراوەکانی چینەوە بۆ زەریای هیندی لەڕێگەی دەریای باشووری چینەوە بۆ کەناراوەکانی ئەوروپا، وهێڵێك کەبەندەرەکانی چین بەباشووری هێمنەوە دەبەستێتەوە، ئەم ڕێگایە بە 65 وڵاتدا تێدەپەڕێت ، تائێستا 50وڵات پەسند کراون بۆ ئەوەی بەشداری لەو پرۆژەیە بکەن(جبر، 2017، ل162).

ڕێگای ئاوریشم ڕێگاکان و ڕاڕەوەکان(حميشي، 2017، ل53):

ڕێگا و ڕارەوەکانی دەستپێشخەری بێڵت و ڕێگاکان زۆرن:

ڕێگا: پرۆژەکە بریتین لەدروستکردنی ڕێگای ئاسنین و بۆری نەوت و گاز و هێڵەکانی کارەبا و ئینتەرنێت وژێرخانی جۆراوجۆر و ڕێگای ئاوریشمی کێوی لەسێ هێڵی سەرەکی پێکهاتووە:

1. هێڵی یەکەم: ڕۆژهەلاتی چین لەرێگەی ئاسیای ناوەڕاست و فیدراسۆنی ڕووسیاوە بە ئەوروپا دەبەستێتەوە.
2. هێڵی دووەم: لەچینەوە بۆ ڕۆژئاوا و ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەی کەنداو تا دەریای ناوەڕاست.
3. هێڵی سێیەم: لەچینەوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریای هیندی.

ئەم ڕێگایانە شەش ڕاڕەوی زەوی گەورە لەخۆ دەگرێت: ڕاڕەوی زەوی ئابووری ئۆراسیای نوێ. ڕاڕەوی چین – مەنگۆلیا – ڕوسیا ، ڕاڕەوی چین – ئاسیای ناوەڕاست – ڕۆژئاوای ئاسیا، ڕاڕەوی نیمچە دوورگەی چین – هیند و چین، ڕاڕەوی چین – پاکستان و ڕاڕەوی بەنگلادش – چین – هیندستان ڕاڕەوی ئۆراسیای نوێ چین بە کازاخستان و ڕوسیا و پۆڵەندا دەبەستێتەوە بە ڕۆتەردام و ڕاڕەوی ئاسیای ناوەڕاست لەژێنیانگی ڕۆژئاوای چینەوە دەروات و لەڕێگەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستەوە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و تورکیا دروست دەکات، هەروەها "پشتێنەی زەوی" تورێکی هێڵی شەمەندەفەر لەخۆ دەگرێت کە چەند هێڵێکی تێدایە: هێڵی شەمەندەفەری چینی ڕۆژهەڵات کەباشووری چین دەبەستێتەوە بەڕووسیاوە، هێڵی شەمەندەفەری ناوەڕاستی کەلە باشووری چینەوە دەست پێدەکات و بەناو ناوەڕاستی چیندا تێدەپەڕێت و بۆ بولاتیڤیا و ئیستونیا و فینلاند ئەوی تریان بەناو پۆڵەندا و ئەڵمانیا دا تێدەپەڕێت بۆ بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا و هەروەها چەند ڕیگایەك بۆ ئێران و تورکیا و لەئەوروپا لەرێگەی بولگاریا و هەنگاریا کۆتایی دێت.

ڕێگای دەریا: ڕێگای ئاوریشمی دەریایی لە دووهێڵی سەرەکی پێکهاتووە:

1. هێڵی یەکەم: لەکەنارەکانی چینەوە لەرێگای گەرووی مەلەداکەوە بۆ هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، تاکەنارەکانی ئەوروپا.

2. هێڵێ دووەم: بەندەرەکانی کەناراوەکانی چین بەباشووری هێمنەوە دەبەستێتەوە.

چەند ئامانجێك هەیە کەچین لەڕیگەی ناساندنی دەستپێشخەریی بێلت و ڕێگاوە مەبەستیەتی لەوانە: بەستنەوەی ئابووری خۆی و یەکخستنی لەگەڵ ئابووری نێودەوڵەتی بەمیکانیزمی نوێ و هەروەها دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ گواستنەوەی نەوت و جوڵەی بازرگانی، چین ئەو ڕێزبەندییە نێودەوڵەتییە دەزانێت کە ئەمریکا هەژموونی هەیە و نادادپەروارانەیە و ناهاوسەنگە و لەبەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدایە بۆیە چین کاردەکات بۆ گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتی لەیەك جەمسەرەوە بۆ فرە جەمسەری. چین لەو بڕوایەدایە کەفرە جەمسەریی بەشداری لەئاشتی جیهانی و سەقامگیری دەکات و سیستەمە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان سوود لە دامەزراندنی فرە سیستەمی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی دادپەروەرانە وەردەگرن(علو، 2016، ل2).

بەرژەوەندی یەکەمی ئەمریکا لەئاسیای ناوەڕاست جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ هێزێکی بەتەنها نەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو ناوچە جیۆپۆلەتیکیە بکات، بۆیە هەرێمی ئاسیای ناوەڕاست گرنگی دوانی بۆ ئەمەریکا پەیدا کرد، کە یەکەمیان ئەوەیە کە دەوڵەتە سەربەخۆکان نەگەڕێنەوە بۆ کاریگەری پێشوو، لەلایەکی دیکەوە ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 لە ئەمەریکا نەك تەنها لەسەر ئەمەریکا، بەڵکو لەسەر وڵاتانی دیکەی دونیا کاریگەری گەورەی هەبوو و ئاسیای ناوەڕاستیش یەکەم گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بوو کە تووشی ململانێ و ئامادەبوونی ڕاستەخۆی سەربازی بوو.

ئامانجی سەرەکی ستراتیژی ئەمەریکا لە ئاسیای ناوەڕاست بریتییە لەکەمکردنەوەی کاریگەری بەرزبوونەوەی چین و هاتنە ناو باخی پشتەوەی رووسیا بە دامەزراندنی پرۆژەی رێگای ئاوریشم بەپێی تێڕوانینی ئەمەریکا و کارکردن لەسەر تۆڕەکانی رێگاو گواستنەوەو بۆری گاز بەرەو دەریای قەزوین و سنووردارکردنی سیاسەتەکانی یەکێتی ئەوروپا و چین و ژاپۆن کە لە ئاسیای ناوەڕاست بەدوای سەرچاوەی وزەی جێگرەوە دەگەڕێن، هەروەها پشتیوانین لەسەقامگیری ناوچەکە دەکات بەدامەزراندنی هاوکاری تەناهی هەواڵگری پرۆژەی "رێگای ئاوریشمی نوێ"ی ئەمەریکا لە ناوچەکە رووبەڕووی ئاڵێنگاری گرنگ دەبێتەوە، چونکە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و پشتێنەی ئابووری رێگای ئاوریشم دەپچڕێت، لەگەڵ هاوکاری فەرمی نێوان مۆسکۆ و پەکین بۆ بەستنەوەی دوو پرۆژەی کۆتایی، سەرەڕای لێك نزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی نێوان چین و ئەمەریکا ململانێ زیادی کردووە، چونکە پەکین کار بۆ پاراستنی سەرچاوە جێگرەوەکانی وزە دەکات، هەروەك واژووکردنی مانگی ئایاری 2014 لە رێکەوتنی 30 ساڵەی هاوردەکردنی گازدا هاتووە، پەکین و مۆسکۆش کار دەکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی چوونە ناوەوەی ئەمەریکا لە ئاسیای ناوەڕاست و هەماهانگی بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە بارودۆخی ئەفغانستانەوە دروست بووە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە و نزیکبوونەوەیەکی فرە جەمسەری سیاسەتی دەرەوەو هەژموونێکی دژە ئەمریکی، لەم چواردچێوەیەدا پەکین و مۆسکۆ پەیوەندییە مێژووییەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵیان لەبواری وزەو بازرگانی گەڕان بەدوای چوارچێوەیەکی پاراستن بۆ چارەسەرکردنیە گرفتە تەناهییەکان پەرەپێداوە(مخلوفي ، 2017، ل180).

## بەشی سێیەم

## سیاسەتی چین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست

ستراتیژی چینی لەسەر بنەمای پایە بنەڕەتییەکان دامەزراوە، بە ئامانجی بەکارهێنانی توانای نەتەوەیی لە ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و سەربازی و تەکنەلۆژییەکانیدا، بۆ پتەوکردنی تواناکانی لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت باڵادەستی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا هەبێت، بۆیە ئامانجە ستراتیژییەکانی چین لەسەر بەدەستهێنانی سەروەری ڕەها و کاریگەرە بەسەر ناوخۆدا چڕدەبنەوە، واتە توندکردنەوەی کۆنترۆڵی چین بەسەر کۆمەڵگاکەیدا لە بەرامبەر ڕکابەرەکانیدا، بەتایبەتی کێبڕکێی ئەمریکا، یەکەم :بە ئامانجی بەدەستهێنانی شەرعیەت لە سیستەمی سیاسی، و دووەم : بە بەردەوامبوونی ڕێژەی بەرزی گەشەی ئابووری، بۆ پشتگیریکردن لە ستراتیژییەتی چین، بۆ

بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی بەرهەمی نەتەوەیی گشتی و داهاتی تاکی چینی، بۆ ئەوەی چین ببێتە بازاڕێکی بنەڕەتی بۆ جیهان، بۆ پتەوکردنی پێگە و ڕۆڵی جیهانی خۆی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی(Alastair,1996, p267).

**باسی یەکەم: ئامانجەکانی سیاسەتی چین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست.**

سەرکردایەتی چین حەز دەکات پەیوەندییە ئابوورییە بەهێزەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بپارێزێت بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی، لەوانەش ئامانجە سەربازییەکان بۆ خزمەتکردنی ئاسایش و سەروەری نەتەوەیی خۆی، لە ڕێگەی پشت بەستنی نێودەوڵەتیی بە ئاڵوگۆڕی دەستکەوتەکان، ئەمەش بەشدارە لە ڕێگریکردن لە ئاڵێنگاری ئەو وڵاتانە بۆ بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکان، لەوانەش هەوڵەکانی ستراتیژییەتی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، و ئامانجی سیاسەتەکەی لە سەقامگیری ژینگەی دەرەکیدایە بۆ چەسپاندنی گەیشتن بە پتەوکردنی هێنانە دی ئامانجەکانی ستراتیژییەتەکەی لە ئاسیا بە گشتی، و لە ئاسیای ناوەڕاست بە تایبەتی، بەپێی ئەمانەی خوارەوە(سالم، 2017، ل66):

1 - بەکارهێنانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ کەمکردنەوەی هەستیاری هەرێمی سەبارەت بە سەرهەڵدانی چین و کاریگەری و هەژموونی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی هەرێمەکە.

2 - هەوڵدان بۆ هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک ڕووسیا بۆ پاراستنی هاوسەنگی، و بەرەنگاربوونەوەی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئۆراسیا بە گشتی و لە ئاسیای ناوەڕاست بەتایبەتی.

3 - ئامادەکردنی بەرنامەیەک بۆ مۆدێرنکردنی سوپای ڕزگاریخوازی میللی چینی بە مەبەستی کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی کە توانای ئەوەی هەبێت لە لایەنە هەرێمییەکان باشتر بێت، هەروەها هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاتێک دەستوەردان دەکات بۆ بەرگریکردن لە هاوپەیمانەکانی.

4 - درێژەدان بە سیاسەتی ستراتیژی دژە ئەمەریکا لە بوارە ژیانی و ژینگەی هەرێمی خۆیدا، لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە چەمکێکی نوێی تەناهی دارشت کە هاوپەیمانییە ئەمریکییەکان لە ئاسیا ڕەتدەکاتەوە و داوا دەکات مەلەفی تەناهی لەلایەن لایەنە ئاسیاییەکانەوە بەڕێوەبچێت بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی.

بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیری ناوخۆ بپارێزێت، بەردەوام بێت لە گەشەسەندنی ئابوری، و پتەوکردنی توانا سەربازییەکانی، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ زیادکردنی کاریگەری لەسەر ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بەتایبەتی، و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئامانجی گەشەپێدانی ئاشتیانەی وڵاتەکەیە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی خۆی، بە پەیڕەوکردنی ستراتیژییەتێک کە لەسەر بنەمای سیاسەتێکی بەرگری دامەزراوە و لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوکاری لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان دامەزراوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵێنگارییە هاوبەشەکان وەک پرسەکانی (ژینگە، گەشەپێدان، و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) کە پێویستییان بە هەوڵی هاوبەشی جیهانی هەیە، و چین ناتوانێت گەشەپێدان بەدەستبهێنێت لەڕێی ئەم هەوڵە هاوبەشانەوە نەبێت، و کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان لەسەر سەقامگیری سیاسی و تەناهی کەم بکاتەوە(قندیل،2011، ل45).

**باسی دووەم : سیاسەتی چین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژی ئەمریکا لە دوای ساڵی 2001ز.**

ئامانجی سیاسەتی چین لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی یەکگرتوو دامەزراوە کە لە ستراتیژییەتی (ڕووبەڕوو نەبوونەوە)دا بەرامبەر بە ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست خۆی دەنوێنێت، بەو پێیەی ئاواتەخوازە لە ئاستی هەرێمی و جیهانیدا بگاتە پلەی زلهێزی و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دان بە بوونی زلهێزێک دەنێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە بەرژەوەندی ژیانی لە هەموو جیهاندا هەیە و دەبێت ڕێزی لێبگرێت، بەڵام بەو مەرجەی کاریگەری لەسەر سەروەری و بەرژەوەندییە ژیانییەکانی نەبێت((Xinb, 2011, p 14، و لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی بەستراونەتەوە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، هەروەها هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵیدا دەبێتە هۆی بەربەست خستنە سەر پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش پابەندی دەکات بە ڕێگریکردن لە هەر

پێکدادانێک لە بەرژەوەندییە تەناهییە بنەڕەتییەکانیدا، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی هاوبەش و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی (Zhu , 2007, P 358).

ئامانجی ستراتیژییەتی ئەمریکا ناتوانێت بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی چینی لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن قبوڵ بکات، هەربۆیە هەوڵدەدات ڕژێمەکە لە چین لاواز بکات، و زیاتر مەیلی بۆ سیاسەتەکەی هەبێت، داوای جێبەجێکردنی دیموکراسی دەکات، جگە لە پشتگیریکردنی بزووتنەوە جوداخوازەکان لە (تایوان، تبت، و سینگ یانگ)، ئەمە بەرجەستەکردنی چەمکی تیۆری جێکەوتییە، کە دووپاتی دەکاتەوە کە دەوڵەت دەبێت بەرژەوەندییە ژیانییەکانی خۆی بپارێزێت تا ئەوپەڕی کە تواناکانی ڕێگەی پێدەدەن، و دۆخی هێز و گەشەی ئابووری لە چین هەڕەشەیەک بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی ئاسیا دەنوێنێت، ئامانجی ستراتیژی هەر لە دووبارە داڕشتنەوەی چین بە شێوەیەک کە لەگەڵ بەهاکانی ئەمریکادا بگونجێت دەمێنێتەوە( J Nathan & Scobell, 2013, p.38).

بەڵام جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستدایە، کە ناوچەی ژیانی بەرژەوەندییەکانی چین دەنوێنن، و بوونی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانییە سەربازییەکانی لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتانی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست نیگەرانی چین دەوروژێنن و دەبنە هۆی دڵەڕاوکێی بەردەوامی چین، چونکە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی، بۆیە چین داوای ئەوە دەکات کە بەرژەوەندییە ژیانییەکانی نەخرێنە بەر ئاڵێنگاری، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بکرێت، کە کار بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە دەکات، و ڕێگری لەوە بکات ببێتە گۆڕەپانێکی کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکی ستراتیژی ناوچەکە(الدیسطي، 2009، ل107).

بۆیە سیاسەتی چین هەوڵدەدات بەردەوام بێت لە هاوکاری لەگەڵ ئەمەریکا و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا، سەرەڕای وریایی و گومان لەمەڕ نیازەکانی ئەمریکا، لەکاتی شیکردنەوەی ئامانجەکانی ستراتیژییەتەکەی کە هەوڵی گەمارۆدان و کۆنترۆڵکردنی چین دەدات، لەڕێگەی گواستنەوەی سەربازیی ئەمریکا بۆ ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست، و پاراستنی تۆڕێکی فراوانی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، پاڵپشتی ئەمریکا بۆ تایوان، و فشار لەسەر چین سەبارەت بە سیاسەتی ئابووریی وڵاتەکەی بۆ ڕێگریکردن لە هاتنی کاڵا ستراتیژییەکانی وەک نەوت، بۆ پووچەڵکردنەوەی پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری، وەك ئەوەی هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەنوێنێت بۆ کاریگەریکردن لەسەر سیستەمی سیاسی چین( Kang Wang, 2006, P26).

کۆمەڵێک پێوەر سیاسەتی چین بەرامبەر بە ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست کۆنترۆڵ دەکەن، ئەم پێوەرانە بەو ڕاستییە نیشان دەدرێن کە ئەمریکا تاکە وڵاتە کە توانای ئەنجامدانی شەڕی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی جیهانی، بۆیە تاکە وڵاتە توانای تێکدانی ژینگەی ئارام و گەشەسەندنی چینی هەیە، بۆیە پاراستنی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵیدا، پاراستن و ئارامی پێدەبەخشێت بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گەشەی ئابووری و سەربازی و سیاسی، بەبێ گوێدانە ئەو کێشە و قەیرانانەی کە لە لە سەر ئاستی هەرێمی و جیهانی هەن. پێوەری دووەم ئەوەیە کە چین پێویستی بە بازاڕی دەرەکی و سەرمایە و تەکنەلۆجیا هەیە، هەروەها زۆربەی ئەم کەرەستانە لە ئەمریکاوە بە دەست دێنێت، ئەمە جگە لەوەی بازاڕی ئەمریکا بە یەکێک لە گرنگترین بازاڕەکان بۆ چین دادەنرێت، هەروەها گەورەترین سەرچاوەی وەبەرهێنانی بیانییە بۆی، لە کاتێکدا دوا پێوەر ئەوەیە کە ئەمریکا ئەو وڵاتەیە کە بە توندی پشتگیری لە پرسی تایوان دەکات، کە یەکێکە لەو پرسانەی کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی چین هەیە، لە پاراستنی یەکگرتوویی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، کەواتە سروشتی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەم پرسە هەیە(الدیسطي، 2009، ل171).

بە پشتبەستن بەوانەی سەرەوە، سەرکردەکانی چین جەخت لەسەر پێویستی دوورکەوتنەوە لە پێکدادان لەگەڵ ئەمریکا دەکەنەوە، ئەمەش ئەوەیە کە لە سیاسەتی چین بەرامبەر بە ئەمریکا پەیڕەو دەکرێت، چونکە هەردوو وڵات پێویستییان بە کارکردنە بۆ چەسپاندنی متمانەی سیاسی زیاتر لە لای هەر لایەک، بۆ

دامەزراندنی شێوازێکی نوێی پەیوەندییەکان کە بە هاوکاری پراگماتی، نەک کێبڕکێی ستراتیژی دوژمنکارانە، بە مەبەستی گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی هاوبەشی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پاراستنی سەقامگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی(قنديل، 2011، ل58).

بەم شێوەیە دەتوانرێت بڵێین چین ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا بکات و کار بکات بۆ بەرەوپێشبردنی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ و هاوکاری لە ڕوانگەیەکی ستراتیژی فراوانترەوە، هەروەها کاردەکات بۆ بەکارهێنانی میتۆدی جێکەوتی لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات، کە بەشدارن لە باشترکردنی متمانەی ستراتیژی یەکتر بۆ پاراستنی پەیوەندییەکی سەقامگیر، کە خزمەت بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییە درێژخایەنەکانی هەردوو وڵات دەکات، لە بەرامبەردا چین داوا دەکات کە لە هەمان ئاستدا کە چین ڕێز لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بگرێت لە ئاستی هەرێمی و جیهانیدا، دەبێت ئەمریکاش ڕێز لە بەرژەوەندییەکانی چین لە ئاستی هەرێمی و جیهانیدا بگرێت(Rigoll , 2005, P33).

بۆیە سیاسەتی چین کار بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئەمەریکا وەک هێزێکی سەرەکی لە ئاسیا و زەریای هێمن دەکات، هەوڵیش دەدات هەر هاوپەیمانییەکی ئەمەریکا و ئاسیا لاواز بکات، بە کەمکردنەوەی متمانەی وڵاتانی ئاسیا بە ڕاستگۆیی ئەمریکا (بەتایبەت دوای کشانەوەی سەربازی لە ئەفغانستان لە ساڵی 2021ز) و هاوکاری لەگەڵیدا بۆ ئەوەی سوود لە هێزە ئابوورییەکەی لە خزمەت وڵاتانی ئاسیا وەربگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵیان پتەوتر بکات، بەڵام تا دەتوانێت خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا یان یەکێک لە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دەپارێزێت، و کارکردن بۆ کۆنتڕۆڵکردنی ناکۆکییە هەرێمییەکان، و پاراستنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی و سیاسی خۆی لە ئاستی هەرێمی و جیهانیدا پتەو بکات(الطحلاوي،2010، ل159)، ئەمەیە کە تایبەتمەندی وریایی دەکاتە سیمای باڵادەستی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی و جەختکردنەوە لەسەر نیازی ئاشتییانە و ئیرادەی بۆ پاراستنی ئاشتی و گەشەپێدان و هاوکاری و قازانجی هاوبەش و دوورکەوتنەوە لە هەر دەستوەردانێکی سەربازی دەرەکی، بەو پێیەی پێویستی بە ژینگەیەکی ئاشتیخوازانەی سەقامگیر و هاوکارییانە هەیە، کە یەکێکە لە گرنگترین بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوانی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان(J Nathan & Scobell, 2010, p.36).

لەسەر بنەمای ئەمەش، سیاسەتی چین بەرامبەر بە ئەمریکا مەیلی بەرەو گرتنەبەری سیاسەتی پراگماتیک و جێکەوت هەبووە کە بەرژەوەندییە ژیانییەکانی وڵات لەبەرچاو بگرێت، و لە دەستبەرداربوون لە هەندێک بابەت و پرسی لاوەکی تێبگات و ملکەچکردنیان بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی هاوسەنگی سەربازی نێوان هەردوو لایەن، بۆیە چین بە ئەنقەست خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا بەدوور دەگرێت، بەمەرجێك کار لە لاوازبوونی تەماحی جیۆپۆلەتیکی چین بۆ تێکدانی باڵادەستی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەڕاست نەکات، لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا ئاواتەخوازە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای متمانە بە یەکتر بن و لابردنی ناکۆکییەکان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان. بەڵام کێبڕکێی نێوان هەردوولا بەردەوامە(الدسوقي، 2007، ل76-80)، کە قەیراناوین لە ئەنجامی جیاوازی هەڵوێستەکان بەرامبەر بە پەرەپێدانی ڕووداوەکان، وەک سەپاندنی سزای بەسەر یەکترا لە ماوەی ساڵی (2018ز)دا، بەبێ ئەوەی هەردوو لایەن بگەنە چارەسەری پەسەندکراو بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان.

لەمانەی سەرەوە تێدەگەین کە ئامانجی سیاسەتی چین دوورکەوتنەوەیە لە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئەمریکا، لەپێناو تەواوکردنی قۆناغەکانی گەشەی ئابووری و سەربازیی و پتەوکردنی کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکەی، چونکە گەشە ئابوورییەکەی بەشداریی کردووە لە پتەوکردنی پێگەی خۆی وەک هێزێکی ئابووری لەسەر ئاستی جیهانی، ئەم هێزە ئابوورییە ڕێگەی بە چین داوە توانا سەربازییەکانی پتەوبکات، و پاشان سیاسی، و کاریگەری زیاتر بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە گرنگی ستراتیژییان هەیە، ئەمەش وایکرد ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی گەمارۆدان و کۆنتڕۆڵکردنی چین بدات، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکەی لەم بوارانەدا مەزنتر نەبێت، کە ڕەنگە لە کاتی کۆنتڕۆڵکردن چین بۆ هاوسەنگی هێزە جیهانییەکان

ببێتە هۆی دەرکەوتنی چین وەک جەمسەرێکی کێبڕکێکاری جەمسەری ئەمریکی، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پەیکەری سیستەمی جیهانی.

بۆیە ستراتیژییەتی ئەمریکا پەرەسەندنی سەرهەڵدانی چینی و ڕووسیا بە مەترسییەکی داهاتوو بۆ سەر پێگەی جیهانی خۆی دەزانێت، لەبەر هەوڵی ئەو زلهێزانە بۆ دامەزراندنی جیهانێکی فرە جەمسەری و کۆتاییهێنان بە دۆخی یەک جەمسەری، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات چین و ڕووسیا لەخۆبگرێت، لەبەر ئەو پەیوەندییە بەهێزانەی هەردوو وڵات کۆدەکەنەوە، و ئامانجە هاوبەشەکانیان سەبارەت بە سیستەمی جیهانی، و سیاسەتەکەیان لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و زەریای هێمن.

**Abstract**

China's new policy towards Central Asia, after the former Soviet Union, has been in a deep understanding that this region has painted a new geopolitical map. Because of the economic, political, and only economic alleys of this area for China, it has increased in importance, especially as there is a prolongation in terms of Chinese development in that area to the Region (Singh Yang) .

One of the most important reasons for China's importance to Central Asia can be summarized in:

A- China's fear of having a national, religious, and working force on the Singh Yang region, known as Eastern Turkistan, most of the population is Muslim In 2003, Beijing talked about the activation of five islamic political separatist groups in the region, a clear sign of China's anxiety in the region. Apart from that, China has more than 7,500 kilometers of border with them.

B- Central Asia is a energy source from china's point of view, which is a major necessity after the economic development of one after the one that sees itself, this development of China in 1993 led China to import oil. We understand very well that when we know what we are doing against the increase in local production by 1%, China needs to use more energy by 0.528%.

T- China is trying to connect the economics of this area to china's economics

China is very strong by limiting the role of America and Europe in this area

Despite the fact that China is trying to expand its relations with this region, sometimes it relies on Russia to achieve this expansion and sometimes And the other one is trying independently, China has tried to have an operation in this area through the establishment of shanghai organization to help We don't mention that Russia doesn't help China in entering this area in a way, because Russia understands the importance and ability of China that it can in a short time the central Asian market control with food and use China currently has high-level economic development in the world, despite its strategic weight at the regional and international levels and the existence of military institutions and high-level modernism alongside a rich cultural and historical background, all of which have made it a position and To play an important role and place in the international community and to be of importance to researchers and thinkers in

intellectual institutions and research centres, one of the most important considerations that are being analyzed today is capable of and China's international and regional power and position of China's role and strategy in Central Asia.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم :**

1- **الكتب العربية :**

1- أوغلو، أحمد داود. العمق الاستراتيجي ، مركز الجزيرة للدراسات ، ط2 ،الدوحة-قطر: 2011.

2- عبدالله ، احمد عبدالجبار. الصين والتوازن الاستراتيجي العالمي بعد عام 2001، وآفاق المستقبل، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت: 2015.

3- كريستنسن، توماس جيه. التحدي الصيني: تشكيل اختيارات قوة ناهضة، ترجمة خالد الفيشاوي ، المركز القومي للترجمة، القاهرة:2016 .

4- الترمان، جون و غارفر، جون، الصين والولايات المتحدة والشرق الاوسط، مركز الدراسات الدولية، واشنطن: 2008.

5- الجبالي، عبد الفتاح. التقرير الاستراتيجي العربي(2006-2007)، مركز الاهرام للدراسات السياسية والإستراتيجية القاهرة : 2007.

6- عبدالله، عبدالجبار. الصين والتوازن الاستراتيجي العالمي بعد عام 2001 و آفاق المستقبل، الدارالعربية للعلوم ناشرون، بيروت: 2015.

7- شل، فيليب و كريستنسن،هانز. القوات النووية الصينية في الكتاب السنوي، التسلح و نزع السلاح والأمن الدولي، ترجمة مركز دراسات الوحدة العربية، معهد ستوكهولم لأبحاث السلام الدولي. ستوكهولم: 2014.

8- كوخ،كريستيان. الصين والأمن الاقليمي في جنوب اسيا, ضمن كتاب توازن القوى في جنوب اسيا, مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبوظبي: 2001.

9- سليم، محمد سيد. آسيا والتحولات العالمية، الدراسات الاسيوية، جامعة القاهرة، القاهرة: 1998.

10- فرحات، محمد فايز. الحزام والطريق: المباراة الكبرى في القرن 21،الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة:2021.

11- عبد المنعم، محمد نورالين. المشاكل السياسية والاقتصادية في آسيا الوسطى، مركز الدراسات الآسيوية، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة: 2003.

2- **المجلات والبحث العلمي :**

1- الدسوقي، أبو بكر. العلاقات الروسية – الصينية،.محددات الخلاف وآفاق التعاون، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، مجلة السياسة الدولية، العدد 170، القاهرة: 2007 .

2- الطحلاوي، احمد عبدالله محمود. مفهوم تحول القوة في نظريات العلاقات الدولية -دراسة الحالة الصينية– ، رسالة ماجستير، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، القاهرة:2010.

3- علو، احمد. الصين وطريق الحرير الجديد، حزام واحد وطريق واحد، مجلة الجيش اللبناني، العدد 370، بيروت: ابريل 2016.

4- عبد الملك، أنور . نهضة الصين: الصعود السلمي في عالم متعدد الأقطاب، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، مجلة السياسة الدولية، العدد 161، القاهرة: 2005.

5- قنديل، حنان. الصين واستمرارية الصعود السلمي، مركز الاهرام للدراسات الاستراتيجية، مجلة السياسة الدولية،، المجلد48 العدد 183، القاهرة: 2011 .

6- الديسطي، رشا احمد. الدور الصيني في النظام الاقليمي لدول جنوب شرق آسيا، رسالة ماجستير، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، القاهرة: 2009.

7- عبدالحميد، عاطف.ابعاد الصراع على نفط آسيا الوسطى، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، مجلة السياسة الدولية، العدد 164، القاهرة:2006 .

8- المدني، عبدالله. سر اهتمام الصين بآسيا الوسطى، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، مجلة السياسة الدولية، العدد 153 ، القاهرة : 2005 .

9- عودة، عبدالله فلاح. التنافس الدولي في اسيا الوسطى 1991 - 2010، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط، عمان: 2011.

10- مخلوفي، لمياء. إستراتيجية الحزام والطريق الصينية الجديدة وإفريقيا, مجلة مدارات سياسية، عدد ISSN:2588-1825، الجزائر:ديسمبر2017.

11- حميشي، محمد. العالم العربي و مشروع الحزام والطريق الصيني, مجلة دراسات شرق أوسطية، العدد 80، مركز دراسات الشرق الاوسط، دب: 2017.

12- سالم، منى هاني محمد. القضايا الامنية في العلاقات الامريكية الصينية، رسالة ماجستير، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، القاهرة: 2017.

13- جبر، نهلة محمد أحمد. طريق الحرير... استراتيجية القوة الناعمة, مجلة شؤون عربية، عدد 171، الأمانة العامة لجامعة الدول العربية، د.ب: 2017.

SECOND : ENGLISH REFRENCE:

1- BOOKS:

1- I . Johnson , Alastair. Cultural Realism and Strategy in Maoist China, in Peter Katzenstein the Culture of National Security . Norms and Identity in World Politics , New York, Columbia Press: 1996 .

2- Bolonina, Aleksandra. Security dimension of China’s presence in central Asia, IRIS, Asia Programme: April 2019, French.

3- Kang Wang, Yuan. China`s Grand Strategy and U. S. Primacy ; Is China Balancing American Power ? , Washington DC, the Brookings Institution , , Washington DC: 2006 .

2- JOURNAL:

1- J. Nathan, Andrew & Scobell, Andrew. China's Search for Security , China Review International, Vol. 20, No. 1/2 (2013) , Published By: University of Hawai'i Press .

2- J. Nathan, Andrew & Scobell, Andrew. How China sees America, Foreign Affairs . vol . 91 , No.5 ,2010.

3- Rigoll, Natalia. A Game of Giants , The Future of China – U.S. relations , Harvard International Review ,Vol. 27 , No. 1 , 2005 .

4- Xinb, Wu. China and the United States – Core Interest, Common Interest and Partnership , Washington DC, United States Institute of Peace , special report , 2011.

5- Zhu, Zhuiqin. US - China relations ; in the 21 Century Power Transition and Peace , Review by :Steven I. Levine , Pacific Affairs , vol . 80, No. 2 , 2007 .

3- INTERNET(WEB)

1- Pang , Kelly. The New Silk Road: The Belt and Road Initiative, web: The New Silk Road - China's Belt and Road Initiative (chinahighlights.com)

2- Silk Road - HISTORY, Browser date: 2 August,2021: www.history.com/topics/ancient-middle-east/silk-road